# با فارسەکان بزانن نەوتی ئێران نەوتی کوردانە









هەزاران ساڵە فارس و تورکەکانی ئێران دەستیان لەسەر دەمی کورد داناوەو زمانەکەی خۆیان بەسەر کورد دا سەپاندووەو سەر ئەرزو ژێر ئەرزی کوردانیان داگیرکردووەو سامانی ئەو نەتەوەیە بۆخۆیان دەبەن و بەموڵکی کوردی نازانن.

ئەمڕۆ بەهاوکاری مامۆستا حامید رەشیدی زرزا، کتێبی کوردستان و کێشەی نەوت وەرگێررا بۆ فارسی و بەناوی (کردستان و کشمکش نفت) کەوتە بازارەوە، لێرەوە سەنگەرێکی تازە لەناو کتێبخانەکانی دنیادا هەڵکەنرا بەزمانی فارسی بۆ ئاشکرا کردنی راستیەکان و داوای سەرەکی کورد کە داوای یەکگرتنەوەو سەربەخۆیی کوردستانە.

http://www.authorhouse.co.uk/Bookstore/BookDetail.aspx?Book=294754

ناوی کتێبەکە بە ئینگلیزی (Kurdish Oil Dispute in Persian) وە ئائێس بی ئێنەکەشی (ISBN: 978-1-4567-7142-3) هەر کەسێک ناوی کتێبەکەو ئائێس بی ئێنەکە بەرێ بۆ هەر کتێبخانەیەک لەدنیا، ئەگەر بۆخۆشیان نەیان بێت بۆی پەیدا دەکەن، (تێبینی: نرخی کتێبەکە گرانە بەڵام هیچی بۆ من و کاک حامید تێدانیە چونکە نەمانویست نرخەکەی زۆر بەرز بێت).

ئەو کتێبە لەرووی سیاسی و ئابوریەوە شڵقانێکی سیاسی و ئابوری تازە دەهێنێتە ئاراوە لە بەرزکردنەوەی داوای سیاسی و ئابوری کورد لە ئێران و کوردستانی گەورەدا، کوردەکانی رۆژهەڵات دەتوانن ئەو کتێبە وەک پاساپۆرتی سیاسی و ئابوری خۆیان بەکار بهێنن.

بێجگە لە مێژوی داگیرکرانی خاک و سامانی کوردستان، کۆمەڵێک پڕۆژەی بەنرخی تێدایە کە خراوەتە بەردەم کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی، بەتایبەتی پڕۆژەی دروستکردنی ناوچەیەکی پارێزراو (Non Flay Zone) بەپانی هەزار کیلۆمەتر لەتەنگەی هۆرمزەوە بۆ دەریای قەزوێن لە رۆژئاوای ئێران کەدەکاتە بەشە کوردنشینەکەی ئێران، پڕۆژەکە وەرگیراوەو حسابیشی بۆ کراوە.

هەر کەسێکیش دەیەوێت لە ناوەرۆکی کتێبەکە بگات، دەتوانێ سەیری ئەو لینکە بکات بە (PDF) بەڵام وێنەو قەباڵەی تێدا نیە:

http://www.peshmergekan.com/index_a.php?id=6993

سەردار پشدەری

لەندەن ١٢ – ٣ – ٢٠١١

http://www.kurd-oil.net